

## چیمەن رەحمانی،
## خانمە هونەرمەندی رۆژهەڵاتی کوردستان:

# ژنانی گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن بە تەنیا لەسەر ستێج گۆرانی بڵێن

چیمەن رەحمانی دەنگێکی چیایی هەیە، هەمیشە گۆرانیی بۆ ئافرەت و کاری مرۆڤایەتی چڕیوە، چەندین بەرهەمی پوخت و ئەکادیمیی لە بواری ئەڤینداری و خۆشەویستیی نیشتمان و بەرگریکردن لە مافی ئافرەت پێشکەش کردووە، ئەو لە رێگەی میلۆدییەوە مەینەتییەکانی ژنان و گەلی کورد بە گوێی جیهاندا دەچرپێنێت. چیمەن رەحمانی، خانمە گۆرانیبێژی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، دانیشتووی شاری کرماشانە و تاقە کچی هونەرمەندی کۆچکردووی کورد (یەدوڵلا رەحمانی)یە، لە هەڤپەیڤینێکی کورتدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

بەشێکی زۆر لە هونەرمەندانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی ئافرەتان، زیاتر لە رێگای گرووپە هونەرییەکانەوە گۆرانی دەڵێن، لەم بارەوە چیمەن دەڵێ: «کارکردن لەگەڵ گرووپی میوزیکی زۆر باشە، نەك تەنیا بۆ گۆرانیبێژ، بەڵکو بۆ ژەنیارەکانیش زۆر باشە، چونکە کارکردن لەگەڵ گرووپێکی میوزیکیدا ئەزموونێکی زیاتر بە گۆرانیبێژ دەبەخشێت، کە رەنگە بە تەنیا نەتواندرێت ئەو ئەزموونە کارکردنە بە کۆمەڵە ببیندرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەك لە ئەندامانی ئەم گرووپە بەتەنیا ئەزموونێکیان لە بوارەکەی خۆیاندا هەیە، دواجار ئەم ئەزموونە لە خزمەت گرووپەکە بەکار دێت و هەموو بەیەکەوە کارێکی جوان ئەنجامدەدەن، هەمیشە کاری گرووپی باشترە، هۆکاری ئەوەی کە من کاری گرووپی کەمتر دەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە کرماشان ئەو گرووپە نییە، کە من بتوانم لەگەڵیان کار بکەم، مەگەر لە تاران بژیم، هەڵبەتە گرووپی زۆر باش هەیە، بەڵام من ئێستا لە کرماشان دەژیم و سەختە لەگەڵ گرووپێك لە دەرەوەی کرماشان کار بکەم، بۆیە من هەوڵمداوە بە تەنیا کار بکەم، بەڵام هەمیشە کاری گرووپیم پێ باشتر بووە».

چیمەن رەحمانی سەبارەت بە کێشە سەرەکییەکانی ئافرەتانی هونەرمەند دەڵێ: «تەنیا کێشەی ژنانی گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە، کە ناتوانن بە تەنیا لەسەر ستێج گۆرانی بڵێن و کۆنسێرت پێشکەش بکەن، چونکە حەرامە و نابێت بە تەنیا گوێت لە دەنگی ژن بێت، ئەمە کاریگەریی خۆی هەبووە، ناتوانین ئەلبوومی گۆرانی بەبێ مۆڵەتی دەزگا رۆشنبیرییەکانی ئێران بڵاوبکەینەوە، ئەگەرنا ئێستا لە رۆژهەڵات کێشەیەکی دیکە نییە ژنانی هونەرمەند پێوەی گیرۆدە بن، تەنیا ئەوە نەبێت کە هەندێ بنەماڵە هەیە رێگە بە کچیان نادەن گۆرانی بڵێن و بێنە نێو کاری هونەرییەوە، ئەمەش زۆر کەم بووەتەوە و لەسەر فەرهەنگ و رۆشنبیریی ئەو بنەماڵەییە خۆی دەوەستێت».

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گۆرانی وستایل بە شێوازی نوێ، لە ئێستادا گەنجان روویان لە گوێگرتن لەستایلە نوێیەکان کردووە، چیمەن رەحمانی بەم شێوەیە رای خۆی سەبارەت بەم بابەتە دەڵێ: «ئێستا بەشێکی زۆر لە گەنجەکانی رۆژهەڵات زیاتر گوێ لە گۆرانیی مۆدێرن دەگرن، حەزیان لەم ستایلە نوێیانە هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە ئیدی دەستیان لە میوزیکی و گۆرانی رەسەن هەڵگرتووە، چونکە میوزیك و گۆرانیی رەسەن، سەروەتێکی نیشتمانییەو دەبێت دەستی پێوە بگرین، گۆرانیی رەسەن سیمبولی نەتەوەیەکە، گۆرانی رەسەن دەبێت بمێنێت و رێزی لێ بگیرێت، ئەمەش دەبێت لە رێگەی دەزگا راگەیاندنەکان و لایەنی پەیوەندار بە کولتوور و فەرهەنگ کاری لەسەر بکەن و گرنگی زیاتری پێ بدەن».

چیمەن پێیوایە کە پەیدا کردنی بژێوی ژیان لە رێگای هونەرەوە زەحمەتە، لەو بارەیەوە دەڵێ: «بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هونەرمەند ناتوانێ بە هونەرەکەی بژی و بژێوی ژیان دابین بکات، لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەندی کورد، پارەیەکی یەکجار زۆر لە ئەلبوومێکی گۆرانی و کلیپەکانیدا خەرج دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ داهاتێکی لە رێگەی ئەم ئەلبوومەوە بەدەست بگاتەوە، کەواتە پارەی بژێوی ژیانی خۆیشی لەسەر هونەرەکەی دادەنێت، من ئێستا بیر دەکەمەوە، کە ئایا هیچ ژنە هونەرمەندێك هەیە لەرێگەی هونەرییەکەوە بژی؟ من لەو باوەڕەدا نیم و زەحمەتە هەبێت، بەداخەوە ئەمە تەنیا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وایە و لە کۆمەڵگەکانی دیکە بەمشێوەیە نییە».

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە تاچەند تەکنەلۆژیا لە نێو هونەر و میوزیك و گۆرانیی کوردی سوودی لێ وەرگیراوە؟ دەڵێ: «هەڵبەتە تەکنەلۆژیا لە هەندێ کاری هونەرییدا بەکارهاتووە و سوودی لێ وەرگیراوە، ئێستا دەتواندرێت گۆرانییەکان بەشێوازێکی باشتر و بە کوالێتی زۆر بەرزەوە تۆمار بکرێن، میوزیکژەنەکان دەتوانن زۆر باش سوود لە کەتنەلۆژیای تۆمارکردن وەربگرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێك شوێندا زیانی بە هونەر و هونەرمەندان گەیاندووە، چونکە بەشێك لەو گەنجانەی دەنگیان خۆش نییە، لە رێگەی تەکنەلۆژیاوە دەستکاریی دەنگیان دەکرێت و ئەداو کاری دیکەی پێ دەکەن، ئەمەش دواجار گۆرانیبێژان تەمبەڵ دەکات و زیاتر پشت بەدەزگا و تەکنەلۆژیا دەبەستێن».



لە کۆتاییدا دەربارەی گوێگری گۆرانییەکانی خۆی دەڵێ: «من نازانم ئایا لە هەموو تەمەنەکانەوە گوێگرم هەیە یان نا، بەڵام من هەموو کارەکانی خۆم بە بیروباوەڕێکی بەهێزەوە پێشکەش دەکەم، هەموو هێزو توانای خۆم لە کارەکانمدا بەکاردەهێنم، بۆ ئەوەی بتوانم ئەو پەیامەی کە دەمەوێت بە گوێگران و هۆگرانی میوزیك و گۆرانیی کوردی بگەیەنم، هەندێ جاریش گلەییم لێ دەکرێت، کە دەڵێن بۆچی دووکاری عاشقانە ناکەی، یان بۆ بەرهەمی شادو هەڵپەڕکێت نییە، بەڵام من هەمیشە دەمەوێت لە گۆرانییەکانمدا پەیامێکی مرۆڤایەتیم هەبێت، یەکەمین کارم لەسەر گیروگرفتەکانی ژنان بوو لە کۆمەڵگە، دوایین کاریشم گۆرانییەك بوو، کە بۆ نزیککردنەوەی لوڕ بووە لە کورد، کە دەمەویست پێیان بڵێم، کە لوڕ و کورد یەك نەتەوەین و جیاواز نین، بۆیە گۆرانییەکانی من هەموو پەیامدارن.

# ریهانا کۆشکەکەی خۆی بە کرێ دا



راپۆرتـە هەواڵـەکان رایانگەیانـد کـە کچـە گۆرانیبێـژی ئەمریکـی ریهانا بـە نیازە یەکێك لـە کۆشـکەکانی کـە دەکەوێتـە لـۆس ئەنجلـۆس بـە بـڕی (٣٥٠٠٠) دۆلار بـە کـرێ بـدات، پێشـتریش هەوڵیـداوە هەمـان کۆشـك بفرۆشـێت.

بـە پێـی راپۆرتـەکان ریهانا زۆر دڵـی بەئـەو کۆشـکە خـۆش نییـە، چونکـە تێیدا ناژی، پێشـتریش ویسـتویەتی بیفرۆشـێت، بـەڵام لـەو هەوڵـەی سـەرکەوتوو نەبـووە، چونکـە لەبـەر گرانیـی نرخەکـەی کـە دەکاتـە (٧،٥) ملیـۆن دۆلار کـەس ئامـادە نەبـووە بیکرێـت.

لەلایەکـی دیکـەوە دوای ئـەوەی ریهانـا رووی لـە بـواری مۆدیـل و نمایشـی جلوبـەرگ کـرد، تائێسـتاش بەردەوامـە لـە بەدەسـتهێنانی سـەرکەوتن وتوانیـو یەتـی شـوێنپێی خـۆی لـە بـوارەدا دیـار بـکات، نـەك تەنیـا لـە بـواری دیزاینـی نـوێ، بەڵکـو لـە زۆربـەی نمایشـە جیهانییەکانـی جلوبەرگیشـدا ئامادەبوونێکـی بەهێـز و کاریگـەری هەیـە.

بـەم دواییـە ریهانـا لـە ئاهەنگـی راگەیاندنـی " Fenty Pop-Up " ئامادە بوو کە لە شـاری نیویـۆرك ئەنجامـدرا و بـووە ئەسـتێرەی ئاهەنگەکە، لـەم ئاهەنگەدا ریهانا کراسـێکی لە دیزاینی فۆشـیای پۆشـیبوو، کـە یەکێکـە لـە بەناوبانگتریـن خانەکانـی جلوبەرگـی " Fenty"، وفێرشـی لەلایەن راستا ئامادە کرا بوو کە مایەی شۆك بوو بۆ ئامادەبوانی ئاهەنگەکە.

# سیرینای بێژەرێ



خانمـە ئەکتـەری تورکـی سـیرینای ساریکایا لـە دادگایـەی تورکیـا سـکاڵای دژی بێژەری ناسـراوی تـورك بینـار ئارگـۆر بـەرز کردەوە و بـە بڵاوکردنـەوەی قسـەی نادروسـت تۆمەتبـاری کـرد، هـاوکات وەك قەرەبـوو داوای بـڕی ٥٠ هـەزار لیـرەی تورکـی دەکات.

بینـار کـە بەرنامـەی ( مەگازینـی سـپی ) لـە کەناڵی «beyaz tv» پێشـکەش دەکات، لـە میانـەی بەرنامەکەیـدا رایگەیاندبوو کـە سـیرینای سـکپڕە لـە سـەرۆکی یانەیەکـی ناسـراوی تورکی کە خێزاندارە، بەڵام لە ئێسـتادا ئەو کەسـە ئامادەی باوکایەتیـی نییـە بـۆ ئـەو منداڵە، داواشـی لە سـیرینای کـردووە کـە منداڵەکـە لە بار بەرێت، سـیریناش بە هیچ شـێوەیەك بەمـە رازی نییە و دەیـەوێ منداڵەکە بمێنێت و پەروەردەی بکات.

ئـەم قسـەیە سـیرینای زۆر تـوڕە کـرد و بـە پڕوپاگەندەیەکی نادروستی وەسف کرد، لە هەمان



# سینها بە فرتوفێڵ تۆمەتبار دەکرێت

دوای ئـەوەی پۆلیسی ویلایەتی ئوتار برادیش لەماڵی خۆی بە مەبەستی لێکۆڵینـەوە سـەردانیان کـرد، خانمـە ئەکتـەری هینـدی سوناکشـی سـینها بـە تونـدی وەڵامـی ئـەو کەسـەی دایـەوە کـە بـە فرتوفێڵ تۆمەتبـاری دەکات.

یەکێك لە ڕێکخەرانی بەرنامە هونەرییـەکان سینهای بە فرتوفێڵ تۆمەتبار کرد، سینها لـە وەڵامـدا گوتـی: ئاشکرایە کە ئـەم کەسـە پابەنـد نەبـووە بـەو ئەرکانـەی کـە دەکەونـە سەرشـانی و وا هەسـت دەکات دەتوانێـت ناوبانـگ پەیـدا بـکات و لـەم ڕووەوە چەنـد دەستکەوتێکی خێرا بەدەست بهێنێت، ئەویش لـە ڕێگای ناشیرین کردنی وێنـەی مـن لـە ڕاگەیاندنـەکان، بۆیـە دەستی داوەتـە قسـە و تۆمـەتی نادروست دەرهـەق بـە مـن.

سینها هەروەهـا دەڵـێ: هەماهەنگییەکـی تـەواو لـە نێوان تیمـی بەرگریـکاری مـن هەیە بۆ بەجێگەیاندنی لیکۆڵینـەوەکان و کۆتایی پێهاتنیان، بـەڵام من دەپرسم ئایا میدیـاکان چۆن لـە پێنـاو کەسێکی بێ ویـژدان ئەو بابەتـە دژی مـن دەورۆژێنـن، لـە کاتێکدا دڵنیـان لـەوەی کـە قسـەکانی لـە ڕاستییەوە دوورن.

ئـەو ڕێکخـەرە لـە سـکاڵاکەیدا ڕایگەیانـدووە کـە سـینها نەیتوانیـوە ئامـادە بێـت لـە نمایشـێکدا کـە دەبـوا ئامـادە بێت، هەرچەنـدە بـڕی (٣،٢) مليـۆن ڕۆبیـەی وەرگرتـووە. پۆلیـس لەسـەر ئـەو سـکاڵایە سـەردانی ماڵـی سـینهای کـرد بـۆ وەرگرتنـی وتەکانـی، بـەڵام ئـەو کات لـە مـاڵ نەبـوو، بۆیـە ڕۆژێکـی دیکەیـان دیاریکـرد بـۆ ئـەوەی لیکۆڵینەوەکانیـان کۆتایـی پـێ بهێنـن.

شایەنی باسە سینها لـە نمایشێکی تایبەتی دواییـن فیلمی خۆیـدا بـە نـاوی (کالانـك) کـە لـە ڕووی جەماوەرییـەوە سـەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و ئێستاش لـە سێ فیلمی دیکـەدا کار دەکات.

## ـــــک دەداتە دادگا

کاتـدا لـە دادگا سـکاڵای لـە دژی بینـار تۆمـار کـرد و وەك قەرەبـوو داوای بـڕی ٥٠ هـەزار لیـرەی تورکـی کرد، بـۆ ئـەو زیانـە ماددی و مەعنەویانـەی لـە بەرامبـەر بـە بڵاوکردنـەوەی ئـەم پڕوپاگەندەیـە بـەری کەوتـوون.

دوای ئـەوەی بـەم دواییـە پـاش سـێ سـاڵ پەیوەنـدی سـیرینای لـە هونەرمەنـد کـەرەم بۆرسـین جیابـۆوە، دەنگـۆی ئـەوە هەبـوو کـە هـۆکاری جیابوونەوەیـان بوونـی پەیوەندییـەك بـوو لەنێـوان سـیرینای وبیزنسـمانێکی تورکـی، بـەڵام هـەردوولا ئەمەیـان ڕەت کـردەوە، بـێ ئـەوەی هـۆکاری ڕاسـتەقینەی جیابوونەوەیـان ئاشـکرا بکـەن.

### سەرۆکی گرووپی شانۆی کورتەباڵاکان:

# کورتە باڵاکانیش خاوەن توانا و بەهرەی زۆرن بەتایبەتی لە بواری هونەر

**لە ١٩/٧/٢٠١٩ گرووپێکی هونەری شانۆ و نمایش دامەزرا لە کەرکوک لەیەکەم هانگاویاندا شانۆی ئاشتییان لەشاری کەرکووک نمایش کرد، شوێنی نمایش شاریاری سمایلاند کاتژمێر ٨ ی ئێوارە، دەقە شانۆییەکە لە نوسین و دەرهێنانی (هونەر شەوقی) بوو، لەم بارەیەوە هونەرمەندی کورتەباڵاو سەرپەرشیاری گرووپ مستەفا بکر لە دیمانەیەکدا بۆ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** کارەکانی ئێوە لە چ چوارچێوەیەکدان؟**

- من سەرۆکی گرووپی کورتەباڵا کانم بۆ چالاکیی رۆشنبیری و هونەری، ئێمە دەمانەوێ لەم رێگەیەوە خزمەت بکەین و نیشانی دەین کە ئێمەش خاوەنی توواناو بەهرەی خۆمانین. گروپەکەمان لەسێ ئەندام پێك هاتووە کە هەمووومان کورتە باڵاین .

*** ئایا پێشتریش کاری هونەری ونمایشی دیکەتان هەبووە؟**

- بەڵێ، من لە رابردوو لە شارەکانی کەرکووك و بەغدا و کۆیە لەگەڵ رێکخراوی ئەمەلی عێراقی کارم کردوە، بیرۆکەشمان هەیە لە تەوای شارەکانی کوردستان نمایشی شانۆی ئەنجام بدەین و تواناکانی کورتەباڵا کان نیشانی هاوڵاتیان بدەین، بەتایبەتی لە بواری هونەری نواندا.

*** ئایا لایەنێك هەیە هاوکاریتان بکات؟ بەتایبەتی کۆمەڵەی کورتەباڵاکانی کوردستان هیچ هاوکارییەکتان دەکەن؟**

-بەڵێ، زۆر جێگای دەستخۆشییە کە کاك عومەر جەبار سەرۆکی کۆمەڵەی کورتەباڵاکانی کوردستان هاوکاریمان دەکات، بەداخەوە جگە لە بەڕێزیان و کۆمەڵەی کورتە باڵاکان هیچ کەس و لایەنێکی دیکە ئاوڕی لێ نەداوینەتە و دەستی هاوکاریی بۆ درێژ نەکردووین.

*** لە داهاتوودا بەنیازی چ کارێکن و دەتانەوێ چ بەرهەمێك پێشکەش بکەن؟**

- ئێمە لە کاری نمایشی خۆمان بەردەوام دەبین







بۆدەرخستنی تواناى جەستەیی و بیرکردنەوەی کورتەباڵاکان، بەڵام پێویستە لایەنی پەیوەندیدار و حکومەت دەستی هاوکاریمان بۆ درێژ بکەن، تا کارەکامان بەرەوپێش ببەین.

*** وەك سەرۆکی ئەم گرووپە هونەرییەی تایبەت بە کورتە باڵاکان ئامانجتان لە دامەزراندنی ئەم گرووپە چییە؟**

- بە شێوەیەکی گشتی ئامانجمان ئەوەیە بە هەمووڵایەك بڵێین ئێمش هەین، لەماڵەوە دانەنشین و بێینە دەرەوە، چونکە خەڵك قسەی ناخۆش دەکات و بەکەم سەیردەکرێین، ئامانجمان نەهێشتنی ئەم جۆرە بیرکردنەوانەیە، دەمەوێ ئەوە نەهێڵم، ئێمەش کەسانی بەهرەمەند و بە تواناممان هەیە.

*** پێشوازیی جەماوەر لە کارەکانتان چۆنە، ئایا لەو ئاستەیە کە ئێوە پێشبینیتان دەکرد؟**

- سوپاس بۆ خوا زۆر باشە وخەڵك دەستخۆشیمان لێ دەکات، من خۆم کارو چالاکی ئەنجام دەدەم، بەڵام کارەکانمان شاردراوەتەوە، کەس پێمان ناڵێ ئایا ئێوە هیچ بەهرەیەکتان هەیە؟ لە کاتێکدا کورتە باڵاکان بەهرەمەندن، هەمانە گۆرانیبێژ، هەمانە وێنەکێشە، هەمانە مۆسیقاژەن، داواکارم لە هەموو لایەك بەتایبەتی میدیاکانی کوردستان وەك پێویست هاوکاریمان بکەن و ببنە هۆکارێك بۆ ئەوەی خەڵك ئاگاداری کار و چالاکییەکانمان بن، لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی گۆڤاری گوڵان بکەم بۆ بەسەرکردنەوە و بایەخدان بە ئێمەی کورتەباڵا، هیوادارم سەرکەوتووبن.